"د. ئەحمەد میراودەلی لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان

لە حەڤدەهەمین ساڵ ۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەك ئەوەی کە هەیە , نەك ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

د. ئەحمەد میراودەلی /وەڵامی پرسیاری یەکەمدا, بەبێ شك و گومان دەڵێم " نەخێر." ئەوەتا کەسایێتییەکی بیانی کورد دۆست "پیتەر. دەبلیو. گالبرایت," لە بیرم نەماوە بەچی بۆنەیەکەوە بوو, لۆمەی کورد دەکا و کورد, بە کەمتەرخەم دەزانێ لە پێناساندنی جیهان بە, کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە, کە هەر بەشێکە لە پرۆژە شوومەکەی ئەنفال. هەڵبەت ئۆباڵی ئەم کەمتەرخەمییە ملی ڕۆشنبیرانیش دەگرێتەوە وەك هەموو کوردێکی دیکە. لێ بەزۆری ئۆباڵەکە دەکوێتە ئەستۆی پارتە کوردوستانییەکان, لەبەر دوو هۆی سەرەکی.

یەکەمیان ئەوەیە کە هەتا ئێستاش, پارتە کوردوستانییەکان, کۆستی ئەنفالیان نەکردۆتە ساڵیادێکی فەرمی لەسەر هیچ ڕێکخراوێکی خۆیان, نە لەناو وڵات و نەلەدەرەوەش. کە دەبوو بیانکردایەتە ساڵاياد و بودجەیەکی باشیشیان بۆ تەرخان کردبا. بەتایبەتیش کە, لە سایەی ڕەوی کوردەوە, دوای شەڕی کەنداو پێگەیان گەیشتەوە کوردوستان و داراییەکی باشیان کەوتە دەست. دەبوایە ڕۆژێك بۆ ئەنفال دەستنیشانکەن و ساڵانە, لەو ڕۆژەدا, بانگەوازی سیاسەتمەدار و سەرکردەی وڵاتانیان کردبا, بۆ بەرز ڕاگرتن و ڕێزلێنانی شەهیدان و, هەروەها سود وەرگرتنیش لەو کارەساتە بۆ پێشخستنی پرسی کورد وگەشتن بە سەربەخۆیی کە تەنها ڕێگە چارەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یە .

دووهەمیان: بەخێوکردنی ئەندامانیانە, بە بیرێکی تەسکی پارتایێتی کە, وایکردووە ئەندامەکانیان لە هەموو بۆنەیەك, دوورکەونەوە کە پارتەکەیان پێی هەڵنەستێ یان پیرۆزی نەکا. زۆرجارانیش ئەگەر دژی بۆنەیەك نەبوبنەوە کە خۆیان پێی هەڵنەستاون, ئەوا "بۆیکۆت " یان لێکردووە, یان هەوڵی پوچکردنەوەیان داوە. بۆ نموونە, لە وڵاتی" کەنەدا" بۆ ساڵیادی ئەنفال کە دیمان پارتەکان کەمتەرخەمن. لەگەڵ چەند کەسانی بێ لایەن, ڕێپێوان و کۆڕ و سیمینارمان سازداوە, پێشەکیش داوامان لە هەموو لایەنە سیاسییەکان کردووە بۆ بەشدار بوونیان. لێ جگە لەوەی کە "بۆیکۆت"یان دەکردین, لە هەمان ڕۆژ و کات و شاریشدا و بۆ هەمان بۆنە بانگێشەی خەلکیان کردووە بۆ ئەوەی ئیفلاسمان پێبکەن, دواییش کە ئێمە وازمان هێنا و لێگەڕاین ئەوان ساڵیادی بکەنەوە, بەسوکو و ئەسپایی, پاشەکشێیان کرد و کوژانەوە. باشترین بەلگەش ئەوەیە کە ئەمساڵ, سێ پارتی کوردوستانی, ڕۆژهەڵات و باشوور, پێکەوە ئاهەنگی نەورۆزیان سازدا, کەچی لە ساڵیادی هەڵەبجەو ئەنفالدا کەڕ و لاڵ بوون.

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ۆشنبیری کورد لە نزیك و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

د. ئەحمەد میراودەلی /بۆ وەڵامی پرسیاری دووهەم, پێشەکی, دەشێ بڵێین. کە ئەرکەکان تەنها لەسەر شانی ڕۆشنبیران نین, ئەمە ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بێ جیاوازی بیر و باوەڕی سیاسیش, لەبەر ئەوەی ئەنفال, کە هەوڵی جێنۆسایدی نەتەوەیەك بووە, حیسابی بۆ بیر و باوەڕ نەکردووە وهەموو یەکسان بووین, ئەرکی ڕۆشنبیرانیش ئەوەیە.

یەکەم: کارێکی وەها بکەن, کارەساتەکە سەنگ و بارستایی خۆی وەرگرێ چ لەناو وڵات و چ لەدەرەوەش, کە بێگومان قەوارەکەی زۆر گەورەترەلەوەی کە ئێستا دیارە, ئەم کارەش بە گوشار خستنە سەر بەڕێوەبەرانی هەردوو هەرێمی, هەولێر و سلیمانی دەکرێ, دەبێ ڕەخنە لە کەمتەرخەمییەکانیان بگیرێ, پێشنیازیان بۆ بکرێ چۆن باشتر ساڵیادیکەنەوە...هتد.

دووهەم: ڕاکرتنی کارەساتەکەیە بەزیندوویی لەهزر و ئاوەزی هەموو کوردوستانییەکدا. بەنوسینی چیرۆك, بە هەڵبەستنی هۆزان, بەنیگارکێشان و پەیکەرتاشین, بە بەرهەمهینانی فلیم و بەتایبەتیش کۆکردنەوەی فلیمی دۆکۆمێنتاری. بۆ گەیاندنیشیان بە جەماوەر و سەرانسەری دونیا سوود لە هەموو بوارەکانی میدیا وەربگیرێ. دەبێ کارێکی وەها بکرێت کە نەوەکانی ئایندەشمان لە بیری نەکەن و کەمتەرخەمیشە ئەگەر نەچێتە وانەی مێژووە وە و لە فێرگەکاندا نەخوێندرێ.

**دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

**د. ئەحمەد میراودەلی/وەڵامی پرسیاری سێهەمیش بەڕای من ئەوەیە کە, بەڵێ دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت نەك هەر بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە, بەڵکو داخوازیەکی گرنگیشە. دەبێ لەو ڕۆژەدا دەرگای هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت داخرێ و لە هەموو شار و شارۆچکەیەکدا بە فەرمی یادی بکرێتەوە. هۆلە کۆستی جولەکەکان, ئەمڕۆ لە سەرانسەری دونیادا لە ڕۆژێکی تایبەتدا یاد دەخرێتەوە, ڕاستە ژمارەیەکی زۆرتر لە مرۆڤی بێ تاوان لە هۆڵەکۆستدا ژیانیان لە دەست داوە, لێ هۆڵەکۆستی جولەکە و پرۆژەی ئەنفال, هەردوو لە زادەی بیرۆچکەی ڕەگەزپەرستییەوە سەریان هەڵداوە, ئەگەر چی بۆ مەبەستی لەناوبردنی دوو نەتەوەی جیاواز بوون. ئەوەتا ڕۆشنبیرانی" جوو" توانیویانە کۆستکەوتنەکەیان بەدونیا ئاشناکەن, لێ ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەیان بۆ دەکرێ**

**هەرچەندە هەتا ئێستاش ئاشکرانییە کەی ئەنفال دەستپێکردوە, لێ بڕیاری پرۆژەکە لە ڕۆژی "29 ی مارتی 1987" دا لە لایەن سەددامەوە ئیمزا کراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە هەموو کارەساتەکانی دیکە زەقترە, وابزانم ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پەسەند بێت.**